# سایتی حیزب دەپرسی

## ئاشکرابوونی باندەکەی "شیخ زانا" کام هۆکارو کام راستی؟

دان پیدانان وئاشکرابوونی تاواناکانی باندە تیرۆریستییەکەی"شیخ زانا" راچلەکینەربوو بۆهەمووان و واچەند رۆژە بۆتەجیگای مشت و مر و لیوردبوونەوەو قسەوباسی نیو کۆمەلگا و رۆشنبیران ولایەن و کەسایەتی جۆراوجۆر. بەلام ئەوەی ئاشکرایە کە هەمووان لەبارەی هۆیەکانی سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە و رووداوەکانی یەوە رایەکی چوونیەکیان نییە. بیگۆمان ئەم تاوانانە یەکجارتر کارنامەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی دەباتە نیو قەفەزی دادگاییەوە ولەونیوەدا وەک تەرەفیکی بنەرەتی جیگای هەیە هاوکات ئەوەی ئەم باندە دەتوانی بۆماوەی چەند سالیک دەست لەتاوان وەردا و بۆ مەرامەکانی دزین و کوشتن و سەربرینی لاوانیک پرۆڤەبکات، ئەمەش لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابە کوردییەکاندا بیبشک سیاسەت و شیوەی مامەلەکردنی ئەوان و لیوردبوونەوە لەسەری دینیتە پیشەوە.. بەلام هەیە ئیسلام بیبەری دەکاو هەشە لایەنگری دەسەلاتی یەکیتی وپارتی لەدوتویی باسی "پاکیزەیی کۆمەلگای کورەدەواری" یەوە دینیتە گۆری و ئەم دیاردەیە بۆ "فەرهەنگی غەیەرکورد" دەگەرینیتەوە. هەشە پیی وایە"مرۆڤی کورد" نەخۆشی دەرونی گرتووە، و دەبی کۆمەلگای کوردستان ناخی خۆی هەلکۆلیت.. کەوایە ئەم رووداوە ئاکامی کام واقعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتییە؟ موسەبیبانی ئەم تاوانانە کام رەوت و بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتین؟ پاشان وەلام چییە بەبۆچوونەکانی تر کەلەسەر لایەنەکانی ئەم تاوانانە دینە پیشەوە؟ لەئاخردا دەبی چیبکەین بۆ پاکردنەوەی کۆمەلگا لەم تاوان و دیاردە قزەون و راچلەکینەرانەوبەرگرتن بەدووپات نەبوونەوەیان؟

سایتی حیزب لەمبارەوە دەپرسی و رای کەسانیک دەبزوینی... هاوکات دەرگای خۆی بۆ بوچن و قسەوباسی هەمووان ئاوەلادەکات.. بەوهیوایەی هاوکار وبەشداربن لەگەلمان لەمگۆشەیەدا ..

.. خەسرەوسایە

00447796257020

k.saya@ukonline.co.uk

کامیل ئەحمەد



**خەسروسایە: زۆرتر واباسدەکری کە گەشەی دەستەو تاقمی تیرۆریستی ئیسلامی وگەرادانانی لەسەر زەمینەی بیکاری و هەژاری ونەزانینی نیو کۆمەلگا خۆی دەگری و پەرەدەستینی، بەلام لەنیو گروپەکەی شیخ زانادا مامۆستای زانکۆ هەیە، ئایا ئەمە ئەو بۆچوونە رەت ناکاتەوە، ئەگەر نا هۆی چییە ماموستایەکی زانکۆ خۆی لەنیو گروپیکی مافیایی و ئینسان کوژی وادا دەبینیتەوە؟**

سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەم فرسەتەی پێتاندام. ئەگەرچی پرسیارەکەی ئێوە وەڵامێکی درێژتر و ڕوٚشنتر دەخوازێ، بەڵام من هەوڵ دەدەم کە لە چوارچێوەی پرسیارەکەتان دەرنەچم.

ئاشکرایە کە گەشەی دەستەو تاقمە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان هەمیشە لە شوێن و جێگایەکدا گەشە دەکات و گەراكانی دادەنێت كە كوڵگا نوقمی بێکاری و هەژاری لە ڕادەبەدەر و سەرگەردانی بێت. ئەم دەستەو تاقمانە زۆر خێرا بەهۆی پارەو پوولێکی هەڵڕێژراوو لە ڕادەبەدەر لە لایەن دەوڵەتانی ئیسلامی وەکو جمهوری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی تری لەم چەشنە چالاکیە ئینسان کوژیەکانی خۆیان پەرە پێدەدەن و ئەنجامی دەدەن. بۆ بەکارهێنانی ئەم پارەو پوولە هەڵڕژاوەش ڕوو لەو شوێنانەی دنیا دەکەن کە هەژاری و نەداری و نەبوونی پاروەە نانێك بینەقاقای ئینسانەکانی گرتووەو ئینسانەکان لەزۆر کاتدا مەجبوور دەبن بۆ دابین کردنی بژێوی خۆیان و منداڵەکانیان دەست بە هەموو داوێکەوە بگرن. ئەم واقعیەتەش لە ئەنجامی گوێنەدان و شانخاڵی کردنەوەی حاکمانە لە پێداویستیەکانی خەڵك. لە 15 ساڵی ڕابردووی کوردستانیشدا ئەم واقعیەتە تاڵە زۆر بە ئاشکرا نەك دەبینرێت، بەڵکو خەڵکی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕووبوون و بوونەتە قوربانیانی ئەم شێوە سیاسەتە. ئەوە پارتی و یەکێتین کە 15 ساڵە نەك خەریکی بە تاڵانبردنی داهاتی خەڵکی کوردستانن و لەبەرگیرفان پڕکردن و تاڵان و بڕۆیی ئاوڕێکیان لەباری خراپی شابووری خەڵکی کوردستان نەداوەتەوە، بەڵکو لەو داهاتە بە تاڵانبراوەش گیرفانی هێزو ئەحزابی ئیسلامی نامۆ بەخەڵکی کوردستانیان پڕکردووە تا لە ڕاگرتنی باڵانسی نێوانیاندا بەکاریان بەرن. تەنها بە ئاوڕدانەوەیەك ئینسان دەتوانێت بیبینێت کە چۆن ئەم باندە تیرۆریستانە لە کوردستاندا دەیانوویست وەڵام بەم بۆشایی یە بدەنەوەو هەتیوانەو چەندین جۆر کۆمەکی تریان بەسەر خەڵکی تردا لە پارەکانی شێخ نشیەنەکانی عەرەبیەی سعودی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکردو لە بەرامبەریشدا ئیمزای پەیوەست بوون بەوانیان لێ وەردەگرتن و حجابیان دەکردە سەر ژنان و مناڵان و دەبووا بچوونایە لە حوجرەو

مزگەوتەکانی ئەواندا دەرسی قورئان و ئیرهاب و تیرۆرکردنی هەموو دیاردەیەکی جوانیان لە کۆمەڵگادا فێربکەن و پێیان جێبەجێ بکەن. خۆ هەرکەسێك ئەمەی نەکردایە نانپراویان دەکرد. بۆیە سەرهەڵدانی گروپی تیرۆریستی وەك ئەوەی شێخ زانا لە کوردستاندا و بەپێی ئیعترافاتی بەشێکی زۆریش لەم تیرۆریستە ئینسانگوژانە هەر ئیستیفادەکردن بووە لەم بارە ئابووریەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لاوانێکی دڵ پڕ لە هیوا کە ناتوانن لانی کەمی ئارەزووەکانیان بەدیبهێنن لەژێر سایەی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی پارتی و یەکێتیدا.

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان کە لە نێو ئەم باندانەدا مامۆستای زانکۆو کەسی بەناو ڕۆشنبیر هەیە، ئەو بۆچوونەوەی سەروە ڕەت ناکاتەوە کە ئەم باندانە ئیستیفادە لە برسیەتی لە ڕادەبەدەری خەڵك دەکەن و ئیعترافاتەکانی خۆشیان باشترین دەلیلە جگە لەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمکردن. بەڵام ئەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت کە ئیسلامی سیاسی ئەم دەورەیەی دووای ڕووخانی بلۆکی شەرق و باڵابوونی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا ئیسلامی سەردەمی محمد و کوێرە مەلاکانی کوردستان نیە کە لە دێهاتەکاندا کاری تەبشیرییان دەکرد. مەلاکانی کوردستان ئەو کات لە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەهرەمەند نەبوون و تەنها دەیانوویست هەندێ شتی تابۆ باس لێبکەن و نانی ڕۆژانەی بخۆن و لە خزمەتی سیستەم و دەسەڵاتداراندا بن کە هەموویان بزووتنەوەی شەرق گەرابوون و دژی مۆیرنیزمی کۆمەڵگابوون . بەڵام ئەمە بۆ دنیای ئەمڕۆ بەو شێوەیە نیە. ئیسلامی سیاسی دژی هەر دیاردەیەکی مەدەنیە لە کۆمەڵگاداو دەیەوێت کۆمەڵگا بۆ 1400 ساڵ لەمەوبەر بگێڕێتەوەو لە بەرامبەر مەددی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیدا دەیاوێت لەمپەربێت. بۆیە بۆ ئەم کارەشی هەوڵدەدان کە توێژە مامناوەندیەکانی کۆمەڵگاو بە تایبەت ووردەبورژوازی لەدەوری ئامانج و سیاسەتەکانی خۆی هەڵخڕێنێت. ووردەبورژوازیەکی دەمارگیر کە چاوی بە دیاردە تازەکانی کۆمەڵگا هەڵنایەت و هەمیشە لە هەوڵی گێڕانەوەی کۆمەڵگادایە بۆ چاخە بەردینەکان و  بۆ ئەمەش دژایەتی چەپ و مەدەنیەت و تەنانەت سەرمایەداری مۆدێرنی ئەوروپاش دەکات. بۆیە ئاسایی یە کە مامۆستایانی زانکۆو خەڵکی بەناو خوێندەوار لەنێو ئەم گروپە تیرۆریستیانەدا جێیان بێتەوە.

بۆیە کاتێك ئەم دەوڵەتانە ئیعادەی بنیاتی خۆیان دەکەنەوە ئەمانەشی لێدەکەوێتەوە کە دژی هەموو جۆرە ئازادیەکن، ئیسلامیش خۆی خود بە خود جێگای ئەمانەیە بۆیە مامۆستایەکی زانکۆش لێرەدا جێی دەبێتەوەو بۆ بردنە پێشەوەی کارە کۆنەپەرستانەکانی خۆی لە نێو ڕیزی تیرۆریستاندا خۆی دەبینێتەوە. لە لایەکی کەشەوە ئاشکرایە کە ئەم ڕەوتە ئیسلامی و دوواکەوتووانە دەیانەوێت نیشانی بدەن کە ئەوانیش لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگادان و دەیانەوێت دینەکەیان لەگەڵ دونیای هاوچەرخدا بگونجێنن تا ئەو کاتەی دەرفەت بەڕوویاندا دەکرێتەوە بۆ تۆقاندن و کوشتار و سەربڕین و بەزۆر قەبڵاندنی دینی ئیسلام بە دینی زۆرینەی خەڵك. بۆ ئەم کارانەشیان حەتمەن پێویستیان بە مامۆستای زانکۆش دەبێت و ڕۆژانەش دەیاەنوێت لە دانیشتگاکانی ئەزهەر و مەدرەسە دینیەکانی پاکستان و سعودیەو...... ئەم جانەوەرە ئینسانکوژانە بەرهەم بهێنن. بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێم لە هەرکوێیەك برسیەتی و هەژاری و سەرگەردانی هەبێت ئەمەش ڕوودەدات و فقری کۆمەڵگا بۆ خۆی ڕادەکێشێت.